لە سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا *

# بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە نێوان (سەرۆکی جینۆساید) و گەلێکی خائیندا!

# ئەرێ ماوتانە هێشتا کاولی کەن؟!

## سالار سۆفی

لە ئەنجامی خۆپیشاندان و چالاکییە بەرفراوانەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات, سەرانی شۆڤێنیی عێراق, چاویان چووبووە پشتی سەریان و چیتر توانای دانبەخۆگرتنیان نەمابوو. ئەوەبوو ڕاستەوخۆ پاش چالاکییەکانی 2.10.2004 , لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان , لە 5.10.2004 دا, لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا و لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی فەرمیی شۆڤێنیی عێراقەوە, عێراقی (فیدراڵ!) و بەهەشتی نوێی سەرکردەکانی کوردەوە, وەڵامیان بۆ هاتەوە. (غازی یاوەر)ی جێگرەوەی سەددام, بە هەمان گیانی شۆڤێنیی عرووبەوییەوە, پەیامی خۆی ڕاگەیاند: (جیابوونەوە خیانەتە و بە هەموو هێز و توانامانەوە لە دژی ئەو خائینانەی داوای جیابوونەوە دەکەن, دەجەنگین). ئاخر هێشتا عێراق بە تەواوی دروست نەبووەتەوە و سوپایەکی بەهێزی نییە تاکو خولێکی نوێ لە ئەنفالکردنی گەلی کورد دەست پێ بکاتەوە, بەڵام وادیارە قوتابیانی بەعسیزم, لەوپەڕی بێتوانایيشدا, نەک هەر واز لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد ناهێنن, بەڵکو ئامادەنین بۆ ماوەیەکی کەمیش دووای بخەن.

ئەوەمان لە یاد نەچێت کە شێخ یاوەری تینوو بە خوێنی گەلی کورد, بە پشتگیریی ڕاستەوخۆی هەردوو حزبی کوردی توانی بگات بەو دەسەڵاتە.

یاوەر زۆر باش لە مەبەست و ئامانجەکانی حزبە کوردییەکان تێگەیشتبوو, دەیزانی ئەوان بە هیچ جۆرێک هەڕەشە نین بۆ یەکپارچەیی (خاکی عێراق و گەلی عێراق!) بۆیە ترسی لە بەرپەرچدانەوەی حزبەکان کە دەسەڵاتدار و بڕیاردەری چارەنووسی گەلی کوردن نەبوو. وەک بینیمان هەر واش دەرچوو. حزبەکان و سەرکردەکانی ورتەیان لەدەم نەهاتە دەرەوە, وەک ئەوەی نەک هەر خۆیان بە سەرکردەی گەلی کورد دانەنابێت, بەڵکو تەنانەت کێشەیەکیش بەو ناوەی کوردەوە لە بیری ئەواندا بوونی نەبێت.

هەر بەو هۆیەوە کە حزبەکان هەمیشە وەک شۆڤێنییەکی نەتەوەی سەردەست, پێیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق داگرتووە و (خیانەت!)یکیان بەرانبەر بە عێراق نەکردووە, خەڵکی کورستان هێندە چاوروانی وەڵامی حزبەکان نەبوون, ئەوەندەی پەرۆشی وەڵامی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بوون, ئەوان خۆیان بە بەشێک لەو بزووتنەوەیە دەزانی.

بێدەنگیی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم کە خۆی بە ڕابەری ئەو چالاکییانە دەزانی لە یاوەر و لە وتەکانی, بۆ زۆر کەس جێگای سەرسوڕمان بوو. ئاخر ئەو خیانەتە, پێش هەر کەس و ڕێکخراوێکی تر, دەبووایە دامێنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی بگرتایەتەوە, ئەوە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمە باس لە جیابوونەوە دەکات و جەماوەری بۆ کۆکردووەتەوە, بزووتنەوەی ڕیفراندۆمە کە بەردەوام چالاکی لە پێناودا ئەنجام دەدات و دووایین چالاکیشی پێش سێ ڕۆژ لەو وتەیە بوو.

کۆمیتەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات کە هیچ کاردانەوەیەکی ناوەوەی وڵاتیان نەبینی, ناچار بوون بەیاننامەی تایبەتی خۆیان لە دژی وتەکەی غازی یاوەر بڵاوبکەنەوە و هەڵوێستی خۆیان بخەنە ڕوو.

وەڵامی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دووا کەوت, نەخێر (بەرد) هاتە وەڵام و ئەوان نەهاتە وەڵام.

پاش فشارێکی زۆری جەماوەری و ڕاگەیاندن, ڕابەرانی بزووتنەوەکە لە کوردستان, ناچار بوون بێنە دەنگ, دەنگێکی سەیر.

سەیر ئەوە بوو هاتنە دەنگی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم, ئەمجارەشیان لە دژی غازی یاوەر و داروودەستە شۆڤێنییەکەی نەبوو, بەڵکو بە دەنگێکی بەرز وەڵامی جەماوەر و دەنگە ڕەخنەگرەکانی دایەوە.

کوردستاننێت لە ڕۆژی 13.10.2004 دا بۆ ڕابەرانی بزووتنەوەکە دەنووسێت :

((بروسکەیەکی بە پەلە بۆ: بەڕێزان کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان و هەندەران و وتەبێژی ڕەسمی بزوتنەوەکە (هەڵکەوت عەبدوڵلا) : جێگەی داخە پاش تێپەربوونی زیاد لە هەفتەیەک بەسەر لێدوانە ژەهراوییەکەی (عەجیل) دا، دژی خواستی گەلەکەمان، ئێوە نقەتان لێوە نەهاتووە. ئەگەر ئاوها بێدەنگ بمێننەوە، دەکەونە ژێر لێشاوی غەزەبی ئەو دوو ملیۆن کەسەی کە ئیمزایان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕیفراندۆم لە کوردستاندا کردووە و لە ڕوانگەی عەجیلەوە خائینن. . . . ئەو دوو ملیۆن کەسەی کە ئیمزایان کردووە نە لەبەر خاتری ئێوە و نە لە بەر خاتری پارتە کوردییەکانە، بەڵکو بۆ سەربەخۆیی کوردستانە ..... کوردستان نێت))1

لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان, پاش تێپەربوونی 13 ڕۆژ بەسەر نامەکەی کوردستان نێتدا و 21 ڕۆژ بەسەر ڕشانەوەکەی غازی یاوەردا, بە ڕوونکردنەوەیەکی تێکەڵوپێکەڵ لە کۆمەڵێک بابەت و تەنانەت بێ دیاریکردنی مێژووی نووسینیشی, داخی دڵی خۆی بە کوردستان نێت و ئەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن و تەنانەت (کەمپینی ڕیفراندۆم)2 یش کە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبوو, ڕشت. کەچی دیسان وەک ماوەی 21 ڕۆژی پێشتری, کونجێکی بچکۆلەی بۆ ڕەخنەگرتن لە (یاوەر) تەرخان نەکرد و بە یەک وشەش نارەزایەتی بەرانبەری دەرنەبڕی.

بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بە ئەرکی خۆی نەزانی وەڵام بە ( شێخ یاوەر) ی شۆڤێنی و داروودەستەکەی بداتەوە, بەڵام لە بەرانبەر بە ڕەخنەی دڵسۆزاندا خۆی پێ ڕا نەگیرا.

سەبارەت بە بێهەڵوێستی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان, لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە:

((*لەسەرو بەندی لێدوانەکەی غازی ئەلیاوەردا و لەکاتی خۆیدا لیژنەی ئەوروپای بزووتنەوەی راپرسی بەزمانی کوردی و عەرەبی وەڵامی دایەوەو رونکردنەوەی بۆ رای گشتی و کۆمەڵانی خەڵک بڵاوکردەوە و لە سایتەکەی ئێوەش بڵاو کرایەوە، ئەمەش بێگومان بەناوی بزووتنەوەکەوە بووە، بزوتنەوەکەش حزب نییە هەر ئۆرگان و بەشێک بەیاننامەیەک دەربکات، ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی ئەوروپا، رونکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆمیشە.))3

لە ڕاستیدا ئەمە بیانوویەکی ئەوەندە بێ بنەما بوو کە خودی خۆشیان بڕوایان پێی نەبوو. ئەوە لە کەیەوە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان هێندە ڕێز لە ((لیژنەی ئەوروپا)) دەگرن کە

ڕوونکردنەوە و بۆچوونی ((لیژنەی ئەوروپا)) بە هی خۆشیان دادەنێن؟! جارێ پێویستە بڵێین؛ شتێک بە ناوی (لیژنەی ئەوروپا) لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا بوونی نییە, بەڵکو هی ئوستوڕالیا و کەنەدا و ئامریکا و ئەوروپا و بەگشتی دەرەوەی وڵاتە. پاشان ((لیژنە)) نییە و (کۆمیتە باڵاکان)ە واتە (کۆمیتەباڵاکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە دەرەوەی وڵات). ئەرێ خەڵکینە؛ ئەگەر ڕابەرایەتی بزووتنەوەیەک, ناوی بەشەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات نەزانێت و نەزانێت لە کوێ هەن و لە کوێ نین و کێ ئەو بەیاننامەیەی دەرکردووە, ڕابەرایەتییە؟! بەڕاست ڕابەرایەتییەکی بەم جۆرە, ئاگاداری کۆمیتەباڵاکانی دەرەوە هەیە و ڕێزیان لێ دەگرێت تاکو وەڵامی ئەوان بە وەڵامی خۆی بزانێت و بیکات بە بیانوویەک بۆ بێهەڵوێستیی خۆی. بەڵێ, ئەم بیانووە ئێجگار بێ بنەما بوو و وەک وتم خودی خۆشیان بڕوایان پێی نەبوو, بەڵام لەو کاتەدا دەبووایە شتێک بڵێن. دووا بەڵگەی یەکلاکەرەوەش لەم بابەتەدا ئەوەیە کە بەڕێز کاک هەڵکەوت عەبدوڵڵا, لە سیمینارەکەی خۆیدا لە نیوەی یەکەمی مانگی یەکی 2005 دا, لە ژووری (مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان) لە پاڵتۆک کە ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووانی تێدا بوو, پاش دووبارەکردنەوەی هەمان ڕوونکردنەوەی پێشتریان گوتی؛ ئێمە لەو بابەتەدا ڕەخنەمان لە خۆمان گرتووە.

ڕەخنە لەخۆگرتن ڕەفتارێکی تا بڵێیت لە خۆ بووردووانەیە, بەڵام کەس لە خۆڕا ڕەخنە لە خۆی ناگرێت. ئەگەر لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان, هەڵەی نەکردووە و ((ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی ئەوروپا، ڕونکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆمیشە))4 و ((بزوتنەوەکەش حزب نییە هەر ئۆرگان و بەشێک بەیاننامەیەک دەربکات))5, ئەی گوایا بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لەبەرچی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت.! هەر خێرێکە و لە ڕێی خوادا دەیکات؟! یان زانی ئەو جۆرە بیانووە, بە گوێی هیچ کەسێکی هۆشیاردا نەچووە, تەنانەت ئەندامەکانی بزووتنەوەکەش.

تا ئێرە من ئەگەرێکم تاوتوێ کردووە کە بوونی نەبووە و لەخۆڕا خۆشم و ئێوەشم ماندوو کردووە. ئەو ئەگەرە ئەم بڕگەیە بوو: (ئەو خیانەتە, پێش هەر کەس و ڕێکخراوێکی تر, دەبووایە دامێنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی بگرتایەتەوە), داوای لێبووردن لە خوێنەر دەکەم.

با لێرەوە ڕاستییەکی زۆر سادە و ئاشکرا, بەڵام پڕمانای شاراوە بڵێین. لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان, هەقی بوو کە هەڵوێستی لە بەرانبەر وتەکەی غازی یاوەر نەبوو. ئاخر غازی یاوەر لەگەڵ ئەو لیژنەیەی نەبوو. ئەوان بە هۆی فشاری جەماوەرەوە, لێیان شێوابوو و لەخۆڕا خۆیان شڵەژاندبوو. بەڕاستی خۆشیان و غازی یاوەریش باش دەزانن کە ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیانوتووە؛ ئێمە جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانمان دەوێت. هەرگیزیش بەرنامەیان بۆ ئەو ئامانجە دانەڕشتووە, هەرگیزیش لە دژی بۆچوونی عێراقچییانەی هەردوو حزبی فەرمانڕەوای کوردستان بەیاننامەیەکیان نەنووسیوە.

سەرنج بدەن لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان, لە ڕوونکردنەوە بێماناکەیدا لە دوو شوێندا بەم جۆرە ناوی (غازی یاوەر)ی قوتابی سەددام دەهێنێت؛ ((لێدوانی غازی یاوەری سەرۆک کۆماری کاتی عێراق))6 , ((لەمەڕ لێدوانەکانی سەرۆک کۆماری عێراق))7 .
ڕێزگرتن لە بەرانبەر ڕەوشتێکی شایستە بە مرۆڤە. ڕێزگرتن لە بەرانبەر, ڕێز لەخۆ گرتنە. بەڵام لە بارێکی وادا, ڕێزگرتن لە غازی یاوەری تازەسەرکردەی جینۆسایدی گەلی کورد, سووکایەتی کردنە بە سەرجەم گەلی کورد, نەک تەنها بە خودی کەسێک یان بزووتنەوەیەک.
کارێکی ئاسایی بوو ئەگەر بۆ نموونە وەک ڕۆژنامەوانەێک لەژێر وتەکەی (یاوەر)دا ناوەکەی بە فەرمیش بنووسرایە, بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو وتەیە هی کێیە, بەڵام ئەم شێوە ناوهێنانە لەم کات و ساتەدا کە ئەو گەلی کورد بە خائین دادەنێت و بانگەوازی جەنگ دەکات, بە بێ هیچ ڕەخنەیەک و هیچ پاشکۆیەک کە ناوەڕۆکی ئەو سەرۆکە دەربخات و ڕای بزووتنەوەکە دەربخات لەسەری, لە ڕێز دەردەچێت و دەکەوێتە قاڵبێکی ترەوە.
غازی یاوەر, بە ئەشکرا و بێ پەردە بە گەلی کورد دەڵێت (خائین). بە ئاشکرا پێمان دەڵێت (بە هەموو توانایەک لە دژتان دەجەنگین). پێویستە ئەو کەسە لە لایەن بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و سەرجەم گەلی کوردەوە بە شۆڤێنی و بە (غازی جینۆساید) ناو ببرێت, نەک زۆر بەڕێزەوە وەک ((غازی یاوەری سەرۆک کۆماری کاتی عێراق))8 و ((سەرۆک کۆماری عێراق))9 ناوی بهێنرێت, خۆ بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و ئەندامەکانی, دەزگا و کارمەندی (غازی جینۆساید) نین تا بەو ناوە فەرمییە ڕووتە ((غازی یاوەری سەرۆک کۆماری کاتی عێراق))10 ناوی بهێنن. (لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان), سەربەستە ئەگەر بۆ خۆی بە سەرۆکی دادەنێت, بەڵام ئەندامە بە ئەمەکەکانی بزووتنەوەکە بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بەگشتی, هەگیز لەیادیان ناچێت کە غازی یاوەری جێگرەوەی سەددام, یەکەم کەس بوو وجاخی سەددام و علی کیمیاوی ڕووناک کردەوە. خەڵکی کوردستان (غازی جینۆساید) بە سەرکردەی جینۆساید دەزان نەک بە ((غازی یاوەری سەرۆک کۆماری کاتی عێراق))11.

ڕاستە, لە لای لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان ((کۆکردنەوەی دوو ملیۆن ئیمزا بۆ سەربەخۆیی نییە))12 , چونکە ئەوان, هەر وەک سەرکردایەتی هەردوو حزبی فەرمانڕەواش, ئیمزایان بۆ ئەو مەبەستە نەبوو, هەر بۆیەش ئەوان خائین نین. خائین ئەو ئەندامە دڵسۆزانەی بزووتنەوەکەن کە وەکو هەنگ, لەو بووارەدا خەباتیان کردووە و دەکەن. خائین, ئەو خەڵکە هیوا لە دڵەن کە بە هەڵەداوان بەرەوە ئیمزاکردن دەچوون, چونکە هەریەک لەو خاوەنئیمزایانە, هەرچەندە باسی ڕیفراندۆمیشی بۆ کرابێت و هەزار شێروڕێویشی بۆ هێنرابێتەوە, وەک ئەوەی گوێزی بۆ بژمێریت, لە کاتی ئیمزاکردندا, تەنها یەک خەیاڵی بۆ هاتووە و یەک ئامانج و یەک مەبەستی لەدڵدا بووە, ڕزگاربووون لە ژێردەستەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

ڕوونکردنەوەکەی (لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان) لە کۆتاییدا دەڵێت:

((*لە کۆتایش بۆ هەموو ئەوانەی کە بەدگومانن بەرامبەر چالاکیەکانی بزووتنەوەکە و خودی بزووتنەوەکەش و تۆمەتبارمان دەکەن بە پاشکۆیی، ئەوە ئایندە و چالاکیەکانی بزووتنەوەکە سەنگی مەحەک دەبێت.))13

دەبێت بڵێین:چالاکییەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم, چالاکیی خەڵکی کوردستانن کە تامەزرۆی سەربەخۆیین. بەڵام خوا هەڵناگرێت لیژنەی باڵای بزووتنەوەکە لە کوردستان و هەندێکی تر پاشکۆ نین, بەڵام بە ڕێکەوت گشت هەڵوێستەکانیان جووتە لەگەڵ هەڵوێستی حزبەکان, بەڵام کێ دەڵێت حزبەکان پاشکۆی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم نین؟!!! هەموو شتێک دەشێت. ئەرێ بەڕاست ماوتانە هێشتا کاولی کەن؟!

---

1) کوردستان نێت 13.10.2004
http://www.kurdistannet.org/10-2004/10-2004.htm

2) (کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق سەرپەرشتی دەکات.

3) کوردستان نێت 26.10.2004
http://www.kurdistannet.org/10-2004/runbzutnewe.htm

4, 5, 6, 7, 8 ,9, 10, 11, 12, 13) هەمان سەرچاوە: کوردستان نێت 26.10.2004
http://www.kurdistannet.org/10-2004/runbzutnewe.htm

تێبینی: گشت ئەو نووسینانەی بە ڕەنگی سوور نووسراون, من دەقاودەق لە سەرچاوەکانیانەوە وەرم گرتوون و لە هەڵە ڕێنووسی و زمانەوانییەکانیان بەرپرس نیم.

* زنجیرە وتارێکی ڕەخنەگرانەیە, لە سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی ( بزووتنەوەی ڕیفراندۆم )دا, بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و خاڵخستنە سەر پیتەکان و پشتیوانی لە مافی ڕاپرسی بۆ گەلی کورد و لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

2005/01

rengistan@yahoo.com

---